EAST GATE
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

دەرگای ڕۆژهەڵات
بۆ توێژینەوەی ئابووری
و لێکۆڵینەوەی بازاڕ

# کوالیتیی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ئەهلی لە شاری موسڵ و ڕێگاکانی پەرەپێدانی

(توێژینەوەی ڕووپێوی)




**ئامادەکردنی**

تیمی توێژەرانی ناوەندی
دەرگای ڕۆژهەڵات

**بە سەرپەرشتیی**

د . ئیبراهیم ئەدیب ئیبراهیم
گەورەتوێژەرانی ناوەندی دەرگای ڕۆژهەڵات



**بڵاوبوونەوە**

نیسان 2023



# کوالیتیی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ئەهلی لە شاری موسڵ و ڕێگاکانی پەرەپێدانی

(توێژینەوەی ڕووپێوی)

**توێژینەوەیەکە پێشکەش کراوە بە**
ناوەندی دەرگای ڕۆژهەڵات بۆ توێژینەوەی ئابووری و لێکۆڵینەوەی بازاڕ

EAST GATE
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

دەرگای ڕۆژهەڵات
بۆ توێژینەوەی ئابووری
و لێکۆڵینەوەی بازاڕ

**جێبەجێکردنی**
ناوەندی موسڵ بۆ ڕۆشنبیری و زانستەکان

مركز الموصل للثقافة والعلوم
Al-Mosul Center For Culture & Sciences

**بە هاوکاری لەگەڵ**
بەشی ئابووری/ کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری/ زانکۆی موسڵ
بۆ ماوەی 3/10 - 4/10 / 2023

**تیمی توێژینەوە**


سەرپەرشتیاری گشتی: مامۆستای یاریدەدەر د.ئیبراهیم ئەدیب ئەلچەلبی
مامۆستا د.لوقمان عومەر النەعیمی
مامۆستای یاریدەدەر ڕەغد ئوسامە محەمەد
توێژەر عەبدولئەمیر یونس حوسێن
توێژەر عەلیا زیائەدین عەبدولکەریم

| | تەوەرەکان | |
|---|---|---|
| 03 | **ناوەڕۆک** | |
| 04 | **سوپاس و پێزانین** | |
| 05 | **پێشەکی** | 1 |
| 06 | **پارێزگای نەینەوا** | 2 |
| 06 | تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی پارێزگای نەینەوا | |
| 08 | نەخشەی کارگێڕیی شاری موسڵ | |
| 09 | پێنوێنە دیموگرافییەکانی پارێزگای نەینەوا بۆ ساڵی ٢٠٢٢ | |
| 09 | پێنوێنە تەندرووستییەکانی پارێزگای نەینەوا بۆ ساڵی ٢٠٢٠ | |
| 10 | **دۆخی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە شاری موسڵ** | 3 |
| 11 | **کوالیتیی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ئەهلی لە شاری موسڵ و ڕێگاکانی پەرەپێدانی** | 4 |
| 12 | قۆناغی یەکەم: قۆناغی گەڕان و بەدواداچوون | |
| 14 | قۆناغی دووەم: دانانی فۆڕمی پرسیارنامەکان | |
| 14 | قۆناغی سێیەم: هەڵسەنگاندنی هەردوو فۆڕمی پرسیارنامەکە | |
| 14 | قۆناغی چوارەم: دیزاینکردنی نموونەی توێژینەوە | |
| 15 | **نەخشەی دابەشکردنی تیمەکانی ڕووپێویی مەیدانی لە شاری موسڵ** | 5 |
| 16 | **ئەنجامی وەڵامی دوو پرسیارنامەی توێژینەوەکە:** | 6 |
| 17 | زانیاریی دیمۆگرافی | |
| 24 | خەرجییەکانی تەندروستی و ئاستی بژێوی | |
| 28 | هەڵسەنگاندنی دۆخی تەندروستیی گشتی | |
| 33 | هەڵسەنگاندنی دۆخی دامەزراوە تەندروستییە ئەهلییەکان | |
| 51 | پێشنیازەکانی گەشەپێدان | |
| 64 | **پوختە** | 7 |
| 65 | **ڕاسپاردەکان** | 8 |

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی دڵسۆزانە ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوشانی تیمی سەرەکیی توێژینەوەکە بەشداربوون لە تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە، سەرەتا لە مامۆستای یاریدەدەر د.حارس ئەدیب الچەلبی، سەرۆکی دەستەی کارگێڕیی سەنتەری ڕۆشنبیری و زانستیی موسڵ، بۆ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە، هەروەها مامۆستا دکتۆر قوسەی کەمالەدین ئەلئەحمەدی، سەرۆکی زانکۆی موسڵ و مامۆستا دکتۆر ئوسامە ئیسماعیل ئەلمشهەدانی، سەرۆکی زانکۆی نەینەوا بۆ پاڵپشتیکردنیان لە هەوڵەکانی تیمی توێژینەوە. هەروەها مامۆستا د. سائر ئەحمەد سەعدون ئەلسەمان، ڕاگری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری، و مامۆستا د.موفید زەنون یونس، سەرۆکی بەشی ئابووری، بۆ هاوکاریی ڕاستەوخۆیان لە جێبەجێکردنی توێژینەوەکە، و بەڕێزان نەوفل سلێمان تەڵەب، بەڕێوەبەری ئاماری نەینەوا بۆ سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی جێبەجێکردنی کاری مەیدانی، و د.ئەسیل عبدولجەبار الجومرد بۆ پێداچوونەوە بە پرسیارنامەکە بۆ توێژینەوەکە، و توێژەرانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری نەینەوا کە پێک دێن لە (ساڵح یاسین ساڵح، وەعد مەرعی عەبدوڵڵا، ساڵح ئیبلال ساڵح، فەهد سلێمان ئەحمد، ئەیاد تاریق محەمەد، عیماد عەتیە حوسێن، نەوفەل سەعد حەمید، عومەر خەلیل یونس، فارس سەعدی سەحری، حسێن فالح حەسەن، فادیە موەفەق سەحری، شەیما سەعد مەحموود، فادیە فالح حەسەن) کە سەرپەرشتیی دیزاینی نموونەی توێژینەوەکەیان کردووە و بەشدارییان کردووە لە دەستکاریکردنی فۆڕمی پرسیارنامەکە و بەرهەمهێنانیان بەشێوەی کۆتایی. هەروەها مامۆستای یاریدەدەر دکتۆر ئەمیمە عەبدولرەزاق ئیبراهیم، مامۆستای یاریدەدەر د.ئەحمەد وەعدوڵڵا، و مامۆستای یاریدەدەر دکتۆر عادل محەمەد تائی، د. سەفیە ئەدیب ئەلچەلەبی، د.ئەشرەف ئیبراهیم جەنداری، د.نەوار یەحیا ئەحمد، بەڕێز مەیسەر ئەلشیخاوی، خاتوو سەنا حازم سەعید، بەڕێز حسێن موراد، بەڕێز ئەحمەد یوسف، بەڕێز محەمەد یەحیا عەبد، و بەڕێز محەمەد خەتاب بۆ بەشداریکردنیان لە سەنتەری ووۆرکشۆپی گفتوگۆ و ئامادەکاری بۆ نووسینی ڕاپۆرتەکە بە شێوەی کۆتایی.



**یەحیا عەبد مەحجووب**
سەرۆکی ناوەندی دەرگای ڕۆژهەڵات
بۆ توێژینەوەی ئابووری و لێکۆڵینەوەی بازاڕ

# پێشەکی

لە ڕوانگەی وەبەرهێنەرانەوە، چەمکی کوالیتیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان چەمکێکی فرەڕەهەندە، بەو پێیەی یەکێکە لە هۆکارە چارەنووسسازەکان بۆ سەرکەوتنی دامەزراوە تەندروستییەکان و گەیشتن بە سەقامگیری لە بازاڕدا، هەروەها لە ڕوانگەی بەڕێوەبردنی دامەزراوە تەندروستییەکان، واتە دابینکردنی باشترین ڕەگەزە مرۆیی و ماددییەکان بۆ پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە. لە ڕوانگەی نەخۆشەوە، بە مانای کوالیتیی چاودێریی تەندروستی، و مامەڵەکردنی بە تەواوی ڕێز و سەرنج و هاوسۆزی و تێگەیشتن لە هەموو ڕەگەزە مرۆییەکان کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵیدا دەکەن لە ماوەی مانەوەی لە نەخۆشخانەدا. بۆ پزیشکان کوالیتی واتە دابینکردنی بەرزترین ئاستی زانیاری و لێهاتوویی و ئامێری پزیشکی بۆ چاودێریکردنی نەخۆش. لە کاتێکدا ئامانجی کۆتاییی چاودێریی تەندروستی، پاراستن یان باشترکردنی دۆخی تەندروستییە[1] .

کوالیتیی خزمەتگوزاری (بەپێی قوتابخانەی ئەمریکی) لەسەر بنەمای پێنج ڕەهەند دەپێورێت : لایەنی بەرجەستەیی (شوێن و بنیای بەرجەستە، ئامێرەکان، و دەرکەوتنی کارمەندان)؛ متمانەپێکردن (توانای ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی متمانەپێکراو و ورد)؛ وەڵامدانەوە (ئامادەیی بۆ یارمەتیدانی چارەخوازان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی خێرا)؛ دڵنیایی (زانیاریی کارمەندان، ستایشکردن و توانای چاندنی متمانە بە کارمەندان)؛ هاوسۆزی (ئەو چاودێری و گرنگیپێدانە تاکەکەسییەی کە لایەنێک پێشکەشی چارەخوازانی دەکات).

سیستمی تەندروستیی عێراق بە گشتی کوالیتی و کارایی تێدا نییە، بەو پێیەی عێراقییەکان ڕێژەیەکی زۆر بەرزی داهاتەکانیان بۆ تەندروستی خەرج دەکەن بە بەراورد بەو داهاتەی کە خەڵکی تر لە وڵاتانی جیهاندا یان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا خەرجی دەکەن، بەڵام پێوەر و پێنوێنەکانی باری تەندروستی نزمن بە بەراورد بە وڵاتانی جیهان و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا.

کارکردن بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە عێراقدا دەتوانێت داهاتی دارایی بەرچاو بۆ وەبەرهێنەران بەدەست بهێنێت و لە هەمان کاتدا دۆخی تەندروستی لە کۆمەڵگەدا باشتر بکات. بۆیە ئەم توێژینەوەیە ئامانجییەتی لەسەر ڕای خێزان و پزیشکان لە شاری موسڵ لەبارەی کوالیتیی خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکان بوەستێت کە دامەزراوە حکومییەکان و دامەزراوە ئەهلییەکان پێشکەشی دەکەن. لە میانی کۆمەڵێک پێنوێن کە لە میانی گفتوگۆ لەگەڵ توێژەران لە بواری تەندرووستیی گشتی و ئیدارەی دامەزراوە تەندرووستییەکان و گەشەپێدانی ئابووری و ئامار دیاری کراوە؛ هەروەها وەرگرتنی بۆچوونی خۆیان لەسەر کۆمەڵێک چالاکیی پێشنیارکراوی باشترکردنی کوالیتیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و ئامادەییی خۆیان بۆ خەرجکردنی تێچووی ئەو چالاکییانە.

توێژینەوەکە لە پێنج بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم باس لە پارێزگای نەینەوا دەکات لەڕووی واقیعی دیمۆگرافی و ئیداری و گرنگترین ئاماژەکانی واقیعی تەندروستیی پارێزگاکە. بەشی دووەم باس لە گرنگترین توێژینەوەکان و ڕاپۆرتەکان دەکات کە باس لە هەڵسەنگاندنی کوالیتیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە پارێزگای نەینەوا و شاری موسڵ دەکەن. لە بەشی سێیەمدا باس لە قۆناغەکانی توێژینەوەکە و میتۆدۆلۆژیای کاری ڕووپێویی توێژینەوەکە دەکرێت. بەشی چوارەم تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی ئەنجامی وەڵامەکان بۆ پرسیارنامەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە، و لە کۆتاییدا بەشی پێنجەم باس لە پوختەی توێژینەوەکە و گرنگترین پێشنیار و ڕاسپاردەکان دەکات.

[1]Durrah, Omar, Kamaal Allil* and Ahmad Kahwaji, Impact of Service Quality Dimensions on Hospital Image: The Mediating Role of Patient Satisfactions, December 2015, International Journal of Applied Business and Economic Research 13(9):6937-6951.

Rehaman B and Husnain M, The Impact of Service Quality Dimensions on Patient Satisfaction in the Private Healthcare Industry in Pakistan, Journal of Hospital & Medical Management, 2018, Vol.4 No.1:4

# پارێزگای نەینەوا: جوگرافیا و پێنوێنە دیمۆگرافی و تەندروستییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢

## یەکەم - تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی پارێزگای نەینەوا

### پێگە:

پارێزگای نەینەوا دەکەوێتە بەشی باکووری عێراق و لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگاری هەولێر و لە باشوورەوە لەگەڵ سەلاحەدین و ئەنبار و لە باکوورەوە دهۆک و لە ڕۆژئاواشەوە سنووری نێودەوڵەتی لەگەڵ سوریا هەیە.

### ڕووبەر:

ڕووبەری پارێزگای نەینەوا (33,313) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، کە دەکاتە (8.6%)ی کۆی ڕووبەری عێراق، و (10) قەزا و (31) یەکەی ئیداری لەخۆ دەگرێت ( ناحیە).

### ئاووهەوا:

مووسڵ بە کەشوهەوای نیمچە وشک دەناسرێتەوە، بەو پێیەی وەرزی هاوین وشک و گەرمە، یەکێک لە هۆکارەکانیش بەرزییەکی کەمی لە ئاستی دەریاوە هەیە، کە لە 225 مەتر تێناپەڕێت، هاوکات پلەکانی گەرما بۆ خوار سفر دادەبەزن، هەروەها ڕێژەی بارانبارینی ساڵانە دەگاتە **٣٧٥** ملم، هەندێک جاریش بەفر دەبارێت.





**ژێدەر:** کۆماری عێراق - وەزارەتی پلاندانان - ڕێکخراوی ئاماری ناوەندی لینک

## لە نەخشەکەدا دابەشبوونە ئیدارییەکانی پارێزگای نەینەوا نیشان دراوە




**ناوەکان بە ڕەنگی سوور نوێنەرایەتی ناوەندەکانی قەزاکان دەکەن**

**ناوەکان بە ڕەنگی ڕەش نۆێنەرایەتی ناوچەکانی هەر قەزایەک دەکەن**

## شاری موسڵ

ناوەندی پارێزگای نەینەوا دووەم گەورەترین شاری عێراقە لەڕووی دانیشتووانەوە لە دوای شاری بەغدا، کە ژمارەی دانشتووانی نزیکەی میلۆنێک و شەشسەد هەزار کەسە. نزیکەی 400 کیلۆمەتر لە بەغدای پایتەختەوە دوورە، لە 276 گەڕەک پێک دێت، 114یان لە لای ڕاستی ڕووباری دیجەلەوەن کە 40%ی دانیشتووانی شارەکە پێک دێنن، و 162 گەڕەکیش لە لای چەپی ڕووبارەکەن کە 60%ی دانیشتووانی پێک دێنن.

## (نەخشەی کارگێڕیی شاری موسڵ)

٤




[لینک]

## پێنوێنە دیموگرافییەکانی پارێزگای نەینەوا بۆ ساڵی 2022

| | |
|---|---|
| مەزەندەکردنی دانیشتووان | 4133536 |
| مەزەندەکردنی دانیشتووان/ نێر | 2111534 |
| مەزەندەکردنی دانیشتووان/ مێ | 2022002 |
| مەزەندەکردنی دانیشتووان/ شارنشین | 2506644 |
| مەزەندەکردنی دانیشتووان/ گوندنشین | 1626892 |
| ئاستی شارنشینی (%) | 60,6% |
| ئاستی گوندنشینی (%) | 39,4% |
| ئاستی توێژی تەمەنی (0-4) ساڵ % | 17% |
| ئاستی توێژی تەمەنی (5-14) ساڵ % | 27,2% |
| ئاستی توێژی تەمەنی (15-49) ساڵ % | 47% |
| ئاستی توێژی تەمەنی (15-64) ساڵ % | 53,2% |
| ئاستی دانیشتووان 65 ساڵ و زیاتر % | 3% |
| رووبەری گشتی (کم2) | 37323 |
| چڕیی دانیشتووان (تاکەکەس/ کم2) | 110,8 |

**ژێدەر:** ڕێکخراوی ئاماری ناوەندی / بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوە و پەیوەندییەکان





## پێنوێنە تەندرووستییەکانی پارێزگای نەینەوا بۆ ساڵی 2020

| | |
|---|---|
| ژمارەی نەخۆشخانە حکومییەکان | 18 |
| ژمارەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان | 3 |
| ژمارەی خێزانە بە تواناکان بۆ مانەوە لە نەخۆشخانە ئەهلی و حکومییەکان | 1821 |
| ژمارەی خێزانە بەتواناکان بۆ مانەوە لە نەخۆشخانەی حکومی | 1731 |
| ڕێژەی مانەوەی خێزانەکان لە نەخۆشخانەی حکومی % | 60,7 |
| ژمارەی پزیشکان | 3151 |
| ژمارەی پزیشکانی ددان | 946 |
| ژمارەی دەرمانخانەکان | 1053 |
| ژمارەی ناوەندە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندرووستی | 185 |
| ئاستی گشتیی خێزان بۆ هەریەک لە 1000 کەس | 0,6 |
| پزیشک بۆ هەریەک لە 10000 لە دانیشتووان | 8,02 |
| پزیشکی ددان بۆ هەریەک لە 10000 لە دانیشتووان | 2,41 |
| دەرمانخانە بۆ هەر 10000 لە دانیشتووان | 2,7 |

**ژێدەر:** ڕاپۆرتی ساڵانەی ئاماری / وەزارەتی تەندروستی / ژینگە 2020

# دۆخی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە شاری موسڵ

پارێزگای نەینەوا سەردەمانێک بەهۆی خزمەتگوزارییە باشەکانی چاودێریی تەندروستی و پزیشکانی شارەزا و لێهاتوویی بەرزەوە ناوبانگی دەر کردبوو. وە لە نێوان ساڵانی 2008 بۆ 2014 ژمارەیەکی زۆر لە دامەزراوەکان نۆژەن کرانەوە و بە ئامێری پزیشکیی نوێ پێش خران. هەروەها پلانی نەخۆشخانەی تایبەتمەندی نوێ بۆ بەشەکانی باکوور و باشووری شارەکە دانرابوو، کە بەشێکیان هێشتا لە قۆناغی دروستکردندا بوون کاتێک دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) شارەکەی لە ساڵی 2014 داگیر کرد، بەپێی وەزارەتی پلانداىان (2013)، شاری موسڵ بە گشتی: 13 نەخۆشخانەی گشتی هەبووە کە توانای 3,200 قەرەوێڵەیان هەبووە، و 4 نەخۆشخانەی گشتی تایبەت (نەخۆشیی ژنان، شێرپەنجە، پزیشکیی ناوکی، پزیشکی منداڵان، منداڵبوون، نەخۆشییەکانی سنگ، و تا و هتد) کە توانای 228 قەرەوێڵەیان هەبووە، و 3 نەخۆشخانەی تایبەت کە توانای 104 قەرەوێڵەیان هەبووە. هەموو ئەم دامەزراوانە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە بەڕێوە دەبران و بەشێوەیەکی دروست کاریان دەکرد تا داعش شارەکەی داگیر کرد. لەو کاتەدا، هەرچەندە نەخۆشخانەکان بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانەوە لەناو نەچوون و بەردەوام بوون لە وەرگرتنی نەخۆشە مەدەنییەکان، بەڵام خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەهۆی خراپیی دۆخی ئەمنی، و هەڵاتنی زۆرێک لە کارمەندانی پزیشکی بەرەو تێکچوون چوو. ئەمەش بە ڕوونی کاریگەری لەسەر کوالیتیی چاودێریی تەندروستی و توانای نەخۆشخانەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی نەشتەرگەری و نەخۆشەکان بە گشتی هەبوو. سەبارەت بە نەشتەرگەرییەکان، ئەولەوییەت بە نەخۆشە نامەدەنییەکان درا. ئەو پارە زۆرەی داعش بەسەر خزمەتگوزاری و ڕێوشوێنە پزیشکییەکانیدا سەپاندبوو (لە نێوان 100 هەزار بۆ 500 هەزار دیناری عێراقی) گرفتی زۆرێک لە خەڵکی سڤیلی زیاتر کرد. هەروەها ئەو ڕاستییەی کە داعش ڕێگری لە پزیشکە پیاوەکان دەکرد کە پشکنینی نەخۆشە ژنەکان نەکەن، پزیشکانی ژنیش پشکنینی نەخۆشە نێرەکان نەکەن، بەتایبەتی کاریگەری لەسەر تەندروستیی دایکەکە هەبوو. هەروەها کێشەکە بەهۆی زیادبوونی خراپی پاکوخاوێنی نەخۆشخانەکان و فڕێدانی پاشماوەی مەترسیدارەوە زیاتر بووبوو.

نەبوونی چاودێریی منداڵبوون بووەتە پرسێکی دیکەی جددی، بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی کەمبوونەوەی کوتان بۆ کۆرپە. هەروەها بەردەستبوونی پێداویستی و کەرەستەی دیکەی پزیشکی کەمی کردووە، بەهۆی ئەوەی کۆگاکان لە موسڵەوە گواستراونەتەوە دەرەوە یان لابراون بۆ بەکارهێنانی دیکە لەلایەن داعشەوە. داخستنی ئەو ڕێگا سەرەکییانەی مووسڵ بە شارەکانی دیکەی عێراقەوە دەبەستێتەوە، بووەتە هۆی تێکچوونی کەرتی تەندروستیی شارەکە. هەرچەندە زۆرێک لە دەرمانخانەکان هێشتا کراوە بوون، بەڵام کۆگای دەرمانەکانیان زۆر سنووردار بوو. وە کاتێک بەردەست بوو، توانای کڕینیان زۆر کەم بووەتەوە. زۆرێک لە دانیشتووانی شارەکە بەهۆی خراپیی چاودێریی تەندروستی و سەختی دەستڕاگەیشتن بە نەشتەرگەری و بەردەستنەبوونی دەرمانی پێویست و پێداویستیی پزیشکی (وەک ئەنسۆلین و دەرمانی بەرزیی فشاری خوێن)، هەروەها خراپی فڕێدانی پاشماوەی ڕەق و سنووردارکردنی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە کاریگەرییان هەبووە[4].

بەگوێرەی دوایین ئاماری حکومی، لە کۆی 14 نەخۆشخانەی حکومی 12 نەخۆشخانەی حکومی وێران کراون، هەروەها 76 بنکەی تەندروستی لە کۆی 98 بنکەی تەندروستی بۆردومان کراون لە سەرتاسەری شاری موسڵ؛ دیارترین ئەو نەخۆشخانانەی کە لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بۆردومان کراون بریتین لە: نەخۆشخانەی فێرکاریی ئیبن سینا، کە گەورەترین نەخۆشخانەی پارێزگای نەینەوایە، و دووەم گەورەترین نەخۆشخانەیە لە دوای شاری پزیشکی لە بەغدای پایتەخت، نەخۆشخانەکانی ئەلسەلام، کۆماری، الباتول، و نەخۆشخانەی لووە شێرپەنجەییەکان[5].



[4]UN-Habitat, City Profile of Mosul, Iraq: Multi-sector assessment of a city under siege, October 2016, pp 69.

[5] ژێدەر: محمود النجار، 2020، الموصل المنكوبة تصارع الوباء، مجلة الإنساني العدد 67، اللجنة الدولية للصليب الأحمر، ص23

هێشتا دامەزراوە تەندروستییەکانی موسڵ دوای شەش ساڵ لە شەڕی ڕزگارکردنی شارەکە لە دەستی داعش چاک نەکراونەتەوە و بەشێکی زۆری ژێرخانی موسڵ هێشتا وێرانە، هەروەها کۆگاکانی تەقەمەنیی نەتەقیوە پێویستییان بە پاککردنەوەیە. هێشتا نەخۆشخانەکان و دامودەزگاکانی تر بە دەست کەمیی پێداویستییە پزیشکییەکانەوە دەناڵێنن کە زیاتر لە 10%ی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی نەخۆشەکان دابین ناکەن، پزیشکانیش شوێنێک بۆ پشوودان یان دانیشتنیان بۆ نادۆزنەوە. زۆرێک لە دامەزراوە پزیشکییەکانی شارەکە زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە و خەڵک هێشتا لە هەوڵ دان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چاودێریی تەندروستی بە نرخێکی گونجاو و کوالیتیی بەرز. نەخۆشخانە سەرەکییەکانی موسڵ لە باڵەخانە و کەرەڤانە کاتییەکاندا کراونەتەوە و پێداویستی و دەرمانیش کەمە. سەرباری پلان بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە و گەڕانەوەی سیستەمی پزیشکی لەسەر پێی خۆی، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراون. توندوتیژی دژی پزیشکان تا ئێستاش یەکێکە لە کێشە هەرە چالاکەکان کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی کارمەندانی چاودێریی تەندروستی دەبێتەوە. زۆرێک لە ترسی ژیانی خۆیان لە بەرانبەر زۆرێک لە کێشە سیستەمییەکانی ئەو بوارە بێدەنگبوونیان هەڵبژاردووە. پزیشکەکان لەلایەن نەخۆشەکان و خێزانەکانیانەوە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەهۆی ئەوەی ناتوانن چارەسەری ئازیزەکانیان بکەن[6] .

## توێژینەوەیەکی ڕووپێوی لەبارەی

## کوالیتیی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ئەهلی لە شاری موسڵ و ڕێگاکانی پەرەپێدانی

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی بە توێژینەوەی بازاڕ پۆلێن دەکرێت کە ئامانجی دۆزینەوەی دەرفەتی وەبەرهێنانە لە کەرتە ئابوورییەکان کە ڕووبەڕووی زیادبوونی خواست لەسەر بەرهەمەکانیان و کەمیی خستنەڕووی ئەو بەرهەمانە دەبنەوە، کەرتی خزمەتگوزاریی تەندرووستیی ئەهلی یەکێکە لەو کەرتانەی کە بە هۆی خنکان بە هۆی خواستی زۆر و بوونی کەموکورتی لە کوالیتی و کارامەیی ئەو کەرتەوە دەناڵێنێت. توێژینەوەکە لە ڕێگەی چەند قۆناغێکەوە کراوە، کە بریتییە لە:

---

[6]Mina Aldroubi, Mosul›s hospitals lack medicine and beds five years after battle against ISIS, Jul 13, 2022. LINK

## قۆناغی یەکەم: قۆناغی گەڕان و بەدواداچوون

لەم قۆناغەدا ئامانجی سەرەکیی دەستنیشانکردنی دیارترین کێشەکانی بەردەم کەرتی خزمەتگوزاریی تەندروستی ئەهلی بوو لە شاری موسڵ، لەو ڕووەوە گفتوگۆیەکی چڕ لەگەڵ کۆمەڵێک ئەکادیمی و پسپۆڕی بواری تەندروستیی گشتی، بەڕێوەبردنی دامەزراوە تەندروستییەکان، گەشەپێدانی ئابووری و ئامار سەبارەت بە دیارترین کێشەکان کرا کە ئەو دامەزراوە تایبەتانەی خزمەتگوزاری بەدەستییەوە دەناڵێنن. و پێشنیارەکان چین بۆ پەرەپێدانی ئەدای ئەو دامەزراوانە. ووڕکشۆپەکە لەم ڕووەوە گەیشتە ئەم خاڵانە:






### یەکەم- گرنگترین کێشەکانی بەردەم دامەزراوە تەندروستییەکانی حکومەت:

1. لاوازیی ڕۆڵی بنکەکانی چاودێریی سەرەتایی تەندروستی، زۆرجار نەخۆشەکان سەردانی ناوەندە تەندروستییە سەرەتاییەکان ناکەن کە ڕێنماییان دەکەن بۆ ئەو ڕێکارانەی پێویستن بۆ چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکانیان، لەوانەش ڕەوانەکردنی پزیشکی گونجاو بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەیان.
2. کەمیی بنکەی تەندروستی لە قەزا و ناحییەکان، و کورتهێنانی ماوەی کارکردن تێیدا کە دەبێتە هۆی پاڵنەرێک بۆ دامەزراوە تەندروستییەکانی ناوەندی شار.
3. کەمیی ئەمبولانس و نەبوونی ئامرازی گواستنەوەی گونجاو بۆ گواستنەوەی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکان بە شێوەیەکی سەلامەت کە ژیانی نەخۆشەکە بپارێزێت.
4. کەمیی نەخۆشخانەی گشتی و تایبەت.
5. کەمیی پزیشکی ڕاوێژکار لە نەخۆشخانە حکومییەکان.
6. خراپیی دابەشکردنی کارمەندانی پزیشکی و پەرستاری لە نەخۆشخانە حکومییەکان.
7. نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی تەندروستیی گشتی.

## دووەم - گرنگترین کێشەکانی بەردەم دامەزراوە تەندروستییە ئەهلییەکان:

1. نزمیی ئاستی ڕاهێنانی سکرتاریەت لە کلینیکە پزیشکییەکان و کۆمەڵگە پزیشکییە تایبەتەکان.
2. دەگمەنیی کلینیکی پزیشکی یان کۆمەڵگەی پزیشکیی تایبەت کە لەکاتی دەوامی فەرمیدا کراوە بن، یان لە درەنگانی شەودا.
3. قەرەباڵغیی هۆڵەکانی چاوەڕوانی.
4. زیادەڕەویکردن لەسەر ڕۆڵی نەخۆش.
5. کەمی بەرزکەرەوەکان (مەسعەد).
6. نەبوونی شوێن بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل.
7. گرانیی تێچووی دەرمان.
8. هێنانی چەند نەخۆشێک بۆ لای پزیشک لە یەک کاتدا.
9. ئاستی کەمیی مووچەی پزیشکان.
10. لاوازیی پاراستنی ئاسایش و یاسایی بۆ پزیشکان.



## سێیەم - پێشنیارەکان بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لەلایەن دامەزراوە تایبەتەکانەوە:

1. دابینکردنی ئەمبولانس بۆ گواستنەوەی نەخۆش بۆ نەخۆشخانە بەرانبەر پارە.
2. کردنەوەی پەیمانگاکان بۆ ڕاهێنان بە سکرتاریەتی کلینیکە تایبەتەکان و کۆمەڵگەکانی ئەهلیی خوێندکارانی.
3. کاری جێبەجێکردن (ئەپلیکەیشن) بۆ حجزکردنی ڕێکوپێک و خێرای ئەلیکترۆنی لەگەڵ پزیشکان.
4. کاراکردنی سیستەمی ڕەوانەکردن لە ڕێگەی پزیشکیی خێزانەوە، کە لە بەرانبەردا دەگوازرێتەوە بۆ پسپۆڕی پەیوەندیدار.
5. دۆزینەوەی سیستمی بیمەی تەندروستی لەلایەن کۆمپانیا ئەهلییەکان یان لەلایەن نەخۆشخانە ئەهلییەکانەوە.
6. کاراکردنی سیستمی سەردانکردنی ماڵەوە بۆ مەبەستی پشکنینی پزیشکی لە بەرانبەر کرێدا.

## قۆناغی دووەم: دانانی فۆڕمی پرسیارنامەکان

لەم قۆناغەدا چەندین کۆبوونەوە لەلایەن توێژەرانەوە کرا کە سەرپەرشتیی توێژینەوەکەیان دەکرد بە مەبەستی داڕشتنی فۆڕمی پرسیارنامە بۆ توێژینەوەکە، بەو پێیەی توێژینەوەکە دوو فۆڕمی لەخۆ گرتبوو: یەکەمیان بۆ خێزانەکان، دووەمیان بۆ پزیشکەکان، پرسیارەکانی هەردوو پرسیارنامەکە بریتی بوون لە گفتوگۆکانی وەرگیراو لە وۆرکشۆپی گفتوگۆکراو.




## قۆناغی سێیەم: هەڵسەنگاندنی هەردوو فۆڕمی پرسیارنامەکە





لەم قۆناغەدا هەردوو فۆڕمی پرسیارنامەکە بۆ پسپۆڕانی توێژینەوەکانی ڕاپرسی و پسپۆڕانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری نەینەوا خرانە ڕوو، دوای گۆڕینی بۆ فۆرمێکی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنی Kobotoolbox ، ئەوانیش تێبینی خۆیان لەسەر ئەو دوو فۆڕمە دەربڕی و بەپێی تێبینییەکانیان دەستکاری کران.



## قۆناغی چوارەم: دیزاینکردنی نموونەی توێژینەوە

لەم قۆناغەدا هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری نەینەوا کرا، لە دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و دیاریکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە. توێژینەوەکە دوو پێکهاتەی لەخۆ گرتبوو، یەکەمیان خێزانەکان بوون لە شاری موسڵ، دووەمیان پزیشک بوون لە شاری موسڵ. هەروەها نموونەیەکی هەڕەمەکی لە هەر کۆمەڵگەیەک وەرگیرا بەپێی ئەم میتۆدۆلۆژیایەی خوارەوە:

## یەکەم - نموونەی خێزانەکان:

قەبارەی نموونەی هەڕەمەکی سەرەتایی بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە حسابی بۆ کرا:

$$n = \frac{z^2 p(1-p)}{e^2}$$

n نوێنەرایەتیی قەبارەی نموونەکە دەکات، z نوێنەرایەتیی بەهای خشتەی دابەشکردنی سرووشتی دەکات، کە یەکسانە بە 1.96 ئەگەر سنوورەکانی متمانە 95% بێ (کە ئەمەش ئەوەیە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتی پێ بەستراوە)، و p نوێنەرایەتیی ڕێژەی ئەو دانیشتووانە دەکات کە تایبەتمەندییە پەیوەندیدارەکان بە توێژینەوەکە دەبەستنەوە، و گریمانە دەکرێت 50% بە مەبەستی گەورەترین قەبارەی نموونە بەدەست دێت، لە کاتێکدا e نوێنەرایەتیی پەراوێزی هەڵە دەکات و گریمانە کراوە بە 4%. بۆیە قەبارەی نموونە 600ە، دوای ڕێکخستنی بۆ قەبارەی دانیشتووان کە تەمەنیان لە سەرووی 15 ساڵەوەیە، ژمارەیان 951,747 کەسە. هەروەها بۆ نموونەکە 40 چاولێکردنی دیکە زیاد کرا بە هۆی ئەگەری لابردنی هەندێک چاولێکردن لە ئەنجامی هەڵەی کۆکردنەوە، لە کۆتاییدا 632 چاولێکردنی دروست بەدەست هات.

نموونەی پرسیارنامەکە بە پشتبەستن بە ئەنجامی کارەکانی بەتایبەتکردن و ژمارەی گشتیی دانیشتووان و سەرژمێریی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2009 هەڵبژێردرا. هەروەها پشت بە بلۆکی گەڕەکەکان لە شاری موسڵ کە (2474) بلۆک بوو بەسترا، وەک یەکەیەکی سەرەتایی نموونەگرتن، و پاشان (72) بلۆک لەوان هەڵبژێردران بە بەکارهێنانی شێوازی هەڵبژاردنی هێڵی ئەگەری سیستماتیکی وەک قۆناغی یەکەم، دوای ژماردن و ژمارەدان بە ماڵەکان لە یەکەکانی نموونەگرتنی سەرەتایی هەڵبژێردراو، پرۆسەی هەڵبژاردنی هێڵی بۆ (9) خێزان لە هەر یەکەیەکی نموونەوەرگرتنی سەرەتایی هەڵبژێردرا، و قەبارەی نموونەکە بە پشتبەستن بەو کاتە دیاری کرا کە بۆ پڕکردنەوەی پرسیارنامەکە و بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی مەیدانی پێویست بووە.

## دووەم - نموونەی پزیشکان:

نموونەیەک لە (72) پزیشک هەڵبژێردرا کە بریتی بوون لە (56) پزیشک و (16) پزیشکی ددان، کە نوێنەرایەتیی (3٪)ی ئەو پزیشکانە دەکەن کە لە سەنتەری شاری موسڵ کار دەکەن، نموونەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەسەر نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستییەکانی شاری موسڵ لە لای ڕاست و چەپییەوە دابەش کرا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژمارەی هەڵبژێردراو هەموو پسپۆڕییە پزیشکییەکانی پارێزگاکە تا دەکرێت لەخۆ بگرێت.





### نەخشەی دابەشکردنی تیمەکانی ڕووپێوی مەیدانی لە شاری موسڵ



کاری مەیدانی لەلایەن دوو تیمەوە بۆ تەواوکردنی کارە گشتییەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە کرا:

## 1. تیمی نوێکردنەوەی چوارچێوەی کاری مەیدانی:

ئەرکەکەی بریتییە لە نوێکردنەوەی بلۆکی گەڕەکە بە ئامانجگیراوەکانی ناو نموونەکە، وە ئامادەکردنی ناوی خێزانەکان، هەڵبژاردنی هەڕەمەکیی خێزانە وەرگیراوەکان، و گەیاندنی تیمی پڕکردنەوەی پرسیارنامە، خشتەیەک کە ناوی سەرۆکی ئەو خێزانانە لەخۆ بگرێت بۆ مەبەستی سەردانیکردنیان لەلایەن تیمی پڕکردنەوەی پرسیارنامەوە ئەم تیمە لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبردنی تیمی نوێکردنەوە کار دەکات.

## 2. تیمی کۆکردنەوەی داتاکان:

ئەرکی ئەم تیمە پڕکردنەوەی فۆڕمی پرسیارنامەکە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی بووە، و بە پشتبەستن بەو خشتەیەی کە لەلایەن تیمی نوێکردنەوەی چوارچێوە وەرگیراوە و ئەوان لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی تیمی کۆکردنەوەی زانیاریدا کار دەکەن.

## ڕێوشوێنی کاری مەیدانی:

1. قۆناغی یەکەمی کاری مەیدانی بریتی بوو لە نوێکردنەوەی داتا و ناوی ئەو خێزانانەی لە بلۆکە هەڵبژێردراوەکان کە (72) بلۆک بووە لە گەڕەکە هەڵبژێردراوەکان بۆ کارکردن، پاشان (12) خێزان هەڵبژێردران، (9) لەوان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پرسیارنامەکە و (3) یەدەگ و ڕادەستکردنی ناوی سەرۆکی خێزانەکان بە تیمی توێژەران بۆ دڵنیابوون لە بێلایەنی، و لە ژێر چاودێریی تیمی بەڕێوەبردنی چوارچێوە و نوێکردنەوەی پرسیارنامەکە.

2. نموونەکە بەسەر (12) توێژەری مەیدانیدا دابەش کرا، لەگەڵ (9) ماڵ بۆ هەر توێژەرێک لە ڕۆژێکدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پرسیارنامەکە بە باشی.

3. قۆناغی دووەمی کاری مەیدانی بریتی بوو لە پڕکردنەوەی پرسیارنامەی توێژەران بەپێی ناوی ئەو خێزانانەی بۆ پرۆسەکە هەڵدەبژێردرێن و دەست بە کاری مەیدانی بکەن و پەیوەندی لەگەڵ تیمی بەڕێوەبردنی کاری مەیدانی بکەن بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک دروست نەبێت.

## ئەنجامی وەڵامی دوو پرسیارنامەی توێژینەوەکە:

ئەم بابەتە گوزارشتێکی ئامارییە لە دابەشکردنی وەڵامەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە  کە نوێنەری خێزان و پزیشکن، کە 632 خێزان و 72 پزیشک دەگرێتەوە (دوای دەرکردنی ئەو وەڵامانەی کە کەمی زانیاریی بنەڕەتییان هەیە).

هەروەها بەسەر چوار تەوەردا دابەش بووە:

1. تەوەری زانیاریی دیمۆگرافی.
2. تەوەری خەرجییە تەندروستییەکان و ئاستی بژێوی.
3. تەوەری هەڵسەنگاندنی دۆخی تەندروستیی گشتی.
4. تەوەری  هەڵسەنگاندنی واقیعی دامەزراوە تەندروستییە ئەهلییەکان.
5. تەوەری پێشنیارەکان بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە تەندروستییە ئەهلییەکان.

ئەمانەی خوارەوە ئەنجامی هەریەکێک لەم تەوەرانەن:

# یەکەم - زانیاریی دیمۆگرافی:

## أ- نموونەی خێزان

ئەنجامی نموونەی خێزانەکان دەری خست کە زیاتر لە 80%ی بەشداربووان تەمەنیان لە خوار 60 ساڵەوەیە، وەک لە وێنەی (1-1)دا دیارە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمبوونەوەی مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک شەکرە، پەستانی خوێن، نەخۆشییەکانی دڵ و ئەو نەخۆشییانەی تر کە پێویستیان بە چارەسەری بەردەوام هەیە. لە وێنەی (2-1)دا ڕوونە کە 73%ی بەشداربووان لە ڕەگەزی نێر و 27% لە ڕەگەزی مێن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سەرۆکی خێزان زیاتر ئازادە لە دەرەوەی ماڵەوە کار بکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە عورفی کۆمەڵایەتی ژنان پابەند دەکەن بە کاری ماڵەوە تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی ماڵەوە کاریان هەبێت. ئەنجامەکان لە وێنەی (3-1)دا دەریان خست کە 81%ی وەڵامدەرەوەکان هاوسەرگیرییان کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕێژەی بەرزیی وابەستەیی لە دانیشتووانی توێژینەوەکەدا. سەبارەت بە دەستکەوتی ئەکادیمی، ئەنجامەکان لە وێنەی (4-1)دا نیشان دەدەن کە 35% بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە، جگە لە 21% کە خوێندنی سەرەتاییان تەواو نەکردووە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەژاریی پەروەردە لە کۆمەڵگادا، کە ڕەنگە کاریگەریی نەرێنی لەسەر هۆشیاریی تەندروستی هەبێت و بەم شێوەیەش لەسەر واقیعی تەندروستیی گشتی کاریگەری هەبێت.

**شێوەی (1-1):** توێژەکانی تەمەن/ نموونەی خێزان



**شێوەی (2-1):** ڕەگەز/ نموونەی خێزان




**شێوەی (3-1):** باری کۆمەڵایەتی/ نموونەی خێزان



**شێوەی (4-1):** بڕوانامە/ نموونەی خێزان






## ب- نموونەی پزیشکەکان

ئەنجامی نموونەی پزیشکان دەری خستووە کە بەرزترین گروپی تەمەنی پزیشکان لە نێوان ٣٠-٤٠ ساڵدایە و ٤٠٪ی کۆی نموونەکە پێک دەهێنێت، ئەم گروپە تەمەنییە دەتوانرێت بە گروپی سەرەکی لە کەرتی پزیشکیدا هەژمار بکرێت بەهۆی قەبارەی خزمەتگوزارییەکانییەوە کە لە کەرتی گشتی و تایبەتدا پێشکەش دەکرێت، ئەنجامەکان دەری دەخەن کە کە 61%ی نموونەکە لە ڕەگەزی نێر و 39% لە ڕەگەزی مێن و ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە کەرتی پزیشکیدا بە بەراورد لەگەڵ کەرتە ئابوورییەکانی دیکە، هەروەها 88%ی نموونەکە هاوسەرگیرییان کردووە، سەبارەت بە بڕوانامە، دەردەکەوێت 64% بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، و 29% بڕوانامەی بۆرد و دبلۆمیان هەیە، کە بڕوانامەی پسپۆڕییەکی پیشەیین، و ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕێژەی بەرزی ئەو پزیشکانەی کە پسپۆڕی پیشەیی یان ئەکادیمییان نییە. ڕێژەی پزیشکی ددان لە نموونەکەدا گەیشتە 26% بە بەراورد بە 64%ی پزیشکی پسپۆڕی تر، 85%ی پزیشکەکانی ناو نموونەکە لە نەخۆشخانە حکومییەکان کار دەکەن، 11% لە بنکە تەندروستییەکان و 4% ئەکادیمین یان لە دامەزراوە کارگێڕییەکان کار دەکەن، 61%ی پزیشکانی ناو نموونەکە ڕەتیان کردەوە کار لە دامەزراوە ئەهلییەکان بکەن ، 85%ی ئەوانەی لە دامەزراوە مەدەنییەکان کار دەکەن کلینیکی تایبەتیان هەیە، 11% لە نەخۆشخانە تایبەتەکان کار دەکەن، و تەنیا 4% لە کۆمەڵگە پزیشکییەکان کار دەکەن.

وێنەکانی (1-5) تا (1-12) ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە نموونەی پزیشکەکان نیشان دەدەن.

**شێوەی (5-1):** تەمەنەکان /نموونەی پزیشک






**شێوەی (6-1):** ڕەگەز /نموونەی پزیشک



**شێوەی (7-1):** دۆخی کۆمەڵایەتی /نموونەی پزیشک




**شێوەی (8-1):** بڕوانامە / نموونەی پزیشک



**شێوەی (1-9):** پسپۆڕی /نموونەی پزیشک






**شێوەی (1-10):** دامەزراوەی حکومی کە پزیشکەکان کاری تێدا دەکەن



**شێوەی (1-11):** ئایا کار لە دامەزراوەی ئەهلی دەکەی؟






**شێوەی (1-12):** دامەزراوەی ئەهلی کە پزیشک کاری تێدا دەکەن



## دووەم - خەرجییەکانی تەندروستی و ئاستی بژێوی:

ئەنجامی توێژینەوەکە سەبارەت بە خەرجیی تەندروستی و ئاستی ژیان ئەمانەی خوارەوەی دەرخستووە:

1- تێکڕای خەرجی تەندروستیی مانگانە بۆ خێزانێک دەگاتە 88 هەزار دینار لە مانگێکدا، ئەمەش بە ئەنجامی دابەشکردنی دووبارەبووەوە پشتڕاست دەکرێتەوە، کە دەری دەخات زۆرترین خەرجی تەندروستی لە نێوان 50 هەزار بۆ 100 هەزار دینارداپە لە مانگێکدا، و ڕێژەکەی 37%ـە، وەک لە وێنەی (1-2)دا دیارە، و ئەنجامەکە دەری دەخات پاشەکشە لە نێوان خەرجکردنی تەندروستی و ئاستی داهات هەیە (کە بە دابەشکردنی تێکڕای خەرجییەکانی مانگانە حیسابی بۆ کراوە بە ڕێژەی سەدی) ئاماژش ئەوەیە کە وەڵامدانەوەیەکی یەکسانی خەرجییە تەندروستییەکان بۆ گۆڕانکاری لە داهاتدا هەیە، واتە هەر زیادبوونێکی داهات دەبێتە

هۆی زیادبوونی خەرجییە تەندروستییەکان بە هەمان ڕێژە، وەک لە وێنەی (2-2) و خشتەی (1-2) پێشان دراوە.

**شێوەی (1-2):** ناوەندی خەرجیی تەندرووستیی مانگانە (هەزار دینا)



## شێوەی (2-2): پەیوەندی لەنێوان تێچوونی تەندروستی و داهات




## خشتەی (2-1)

ئەنجامی شیکردنەوەی پاشەکشەی داهاتی مانگانە بەهۆی خەرجییە تەندروستییەکانی مانگانە

گۆڕاوی پشتپێبەستراو: لۆگاریتمی تێکڕای خەرجیی مانگانەی خێزان بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان

| | مامەڵەکان | هەڵەی پێوەری | t ئامار | ئەگەری نەبوونی کاریگەریی P-value |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی جێگیر | -2.87 | 0.62 | -4.62 | 0.00 |
| لۆگاریتمی داهاتی مانگانە | 1.04 | 0.05 | 22.04 | 0.00 |
| ڕێژەی دیاریکردن R2 | 0.44 | Fئاماری | 485.80 | 0.00 |
| ڕێژەی دیاریکردنی تێکڕا Adj $R^2$ | 0.44 | | | |
| بینینەکان | 628 | | | |

2- ڕێژەی داهاتی خەرجکراوی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە تێکڕایی %14ی داهاتی خێزانەکەیە و ئەم ڕێژەیەش دەچێتە نێو ئەو پۆلێنەی زۆرترین جار لە وێنەی (3-2) دا دیارە.

**شێوەی (2-3):** ئاستی تێچوون بۆ تەندرووستی لە داهات (%)






3- کەمی ئاستی داهات دەبێتە هۆی ئەوەی 35%ی خێزانەکانی شارەکە بە شێوەیەکی هەمیشەیی سەردانی پزیشک نەکەن یان لە زۆربەی حاڵەتەکانی نەخۆشیدا، جگە لەوەی 35%ی خێزانەکان، هەندێکجار داهاتیان دادەبەزێت، بەبێ ئەوەی بچنە لای پزیشکان، وەک لە وێنەی (2-4)دا پێشان دراوە.

**شێوەی (2-4):** ئایا دابەزینی داهاتەکەت پەیوەندی بە سەردانانەکردنت بۆ پزیشک هەیە؟



4- (بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان زۆربەی جار) %22ی خێزانەکانی شارەکە ناچارن قەرز بکەن بە مەبەستی دابینکردنی خەرجییە پزیشکییەکان، ئەمە جگە لە بوونی %35ی ئەو خێزانانەی کە بە هەمان شێوە هەندێکجار ناچارن قەرز بکەن بە مەبەستی دانی خەرجییە پزیشکییەکان، وەک لە وێنەی (5-2) دەردەکەوێت.

**شێوەی (5-2):** ئایا بۆ چارەسەری پزیشکی قەرز دەکەی؟






5- ڕێژەی %8ی خێزانە کانی شار ناچارن (بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان زۆربەی جار) بە مەبەستی پێدانی خەرجیی پزیشکی، بەشێک لە موڵکەکانیان بفرۆشن، هەروەها %17ی خێزانەکان هەندێ جار ناچارن بەشێک لە موڵک و ماڵی خۆیان بفرۆشن بۆ خەرجییە پزیشکییەکان، وەک لە وێنەی (6-2)دا دەردەکەوێت.

**شێوەی (6-2):** ئایا بۆ پارەی پزیشک موڵکت فرۆشتووە؟



6- 23%ی خێزانەکانی شار ناچارن (هەمیشە یان زۆربەی جار) خەرجییەکانیان بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکان کەم بکەنەوە بە مەبەستی گەڕاندنەوەی بۆ خەرجییە پزیشکییەکان، ئەمە جگە لە بوونی 44%ی خێزانەکان کە (هەندێکجار) ناچارن خەرجییەکانیان لەسەر پێداویستییە سەرەتاییەکان کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی خەرجییەکانی چارەسەر بدەن، وەک لە وێنەی (7-2)دا دیارە.

**شێوەی (7-2):** ئایا بۆ چارەسەرکردن، خەرجییەکانت بۆ پێویستییە سەرەتاییەکان کەم کردۆتەوە؟




## سێیەم - هەڵسەنگاندنی دۆخی تەندروستیی گشتی

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە کێشەی تا ڕادەیەک گەورە لە واقیعی تەندروستی گشتیدا هەیە، کە هەندێکیان بریتین لە دامەزراوە تەندروستییەکانی کەرتی گشتی، وەک نەخۆشخانە حکومییەکان و بنکە تەندروستییە حکومییەکان و هەندێکیان بریتین لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە پێشکەش دەکرێن. دامەزراوە حکومییەکان بە دەست خراپی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانەوە دەناڵێنن، بەتایبەتی نەخۆشخانە حکومییەکان، کە 35%ی خێزانەکانی شارەکە پێیان وایە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە نەخۆشخانەکاندا خراپن، و 19% پێیان وایە کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان زۆر خراپن، وەک لە وێنەی (3-1)دا دیارە .

**شێوەی (3-1):** خزمەتگوزارییەکان لە نەخۆشخانەی حکومی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟




جگە لەوەش ڕێکارەکانی ڕێکخستن لە ڕوانگەی پزیشکەکانەوە خراپن، وەک لە وێنەی (٢-٣)دا دیارە.

سەبارەت بە بنکە تەندروستییە حکومییەکان، لەلایەن خێزانەکانی شارەوە هەڵسەنگاندنی باشتریان بۆ دەکرێت، بەو پێیەی 44%ی خێزانەکانی شار پێیان وایە خزمەتگوزارییەکانی ناو بنکەی تەندروستییە حکومییەکان باشن، بەڵام 17%ی خێزانەکان پێیان وایە ئەو خزمەتگوزارییانەی لەلایەن ئەو بنکانە پێشکەش دەکرێن خراپن، و 4% بە زۆر خراپ دەیبینن، وەک لە وێنەی (2-3)دا پێشان دراوە.

**شێوەی(3-2):** خزمەتگوزارییەکانی بنکە تەندروستییەکانی حکومەت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟



لەنێو ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی بەشێک لە خێزانەکانی شارەکە دەبنەوە، نەبوونی ئۆتۆمبێلەکانی ئەمبولانسە لە کاتی پێویستدا، بەو پێیەی 30%ی خێزانەکانی شارەکە پێیان وایە ئەمبولانس (بە هەمیشەیی یان زۆربەی جار) لەکاتی داواکردنیدا لە کاتی پێویستدا بەردەست نییە، لە کاتێکدا 21%ی خێزانەکان پێیان وایە کە هەندێک جار ئەمبولانسەکان لە کاتی خۆیدا بەردەست نین کاتێک داوای دەکەن، وەک لە وێنەی (3-3)دا پێشان دراوە.

## شێوەی (3-3): ئایا لە کاتی گونجاودا ئامبولانسەکان ئامادەن؟




لە ڕووی وەرگرتنی خزمەتگوزارییەوە لە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتەوە، خێزانەکانی ئەو شارە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبنەوە کە گرنگترینیان بریتین لە:

1- دژواریی دیاریکردنی پسپۆڕیی پزیشک کە لەگەڵ باری پزیشکیی خۆیدا بگونجێت، هەربۆیە ڕەنگە تاکەکەس زیاتر لە پزیشکێک ببینێت تا ئەوکاتەی پزیشکی گونجاو بۆ باری پزیشکیی خۆی دەدۆزێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی پارە لە بینینی پزیشکێک یان چەند پزیشکێک کە پسپۆڕییەکیان هەیە پەیوەندی بە دۆخی تەندرووستیی تاکەکەوە نییە. ئەنجامی ڕاپرسییەکە کە لە وێنەی (3-4)دا پێشان دراوە دەری خستووە کە 32%ی وەڵامدەرەوەکان (هەمیشە یان زۆربەی جار) ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبنەوە.

**شێوەی (3-4):** ئایا دەتوانی ئەو پسپۆرییە دیاری بکەی کە بۆ دۆخی تەندرووستیت گونجاوە؟




2- ئاستی بەرزی کرێی پشکنینی پزیشکی، وەک ئەنجامی ڕاپرسیەکە لە وێنەی (٥-٣) دا ئاماژەی پێ داوە، 73%ی وەڵامدەرەوان پێیان وایە ئاستی کرێی پشکنینی پزیشکی لای زۆربەی پزیشکەکان بەرزە یان زۆر بەرزە.

**شێوەی (3-5):** هەڵسەنگاندنت بۆ کرێی پشکنین لای زۆربەی پزیشکان لە شارەکەتدا چۆنە؟



3- بەرزیی نرخی دەرمان لە زۆربەی دەرمانخانەکاندا، وەک دەرئەنجامی ڕاپرسیەکە لە وێنەی (٦-٣)دا دەرکەوتووە، ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی 93%ی بەشداربووان پێیان وایە ئاستی نرخی دەرمان لە زۆربەی دەرمانخانەکان بەرزە یان زۆر بەرز.



## شێوەی (3-6): هەڵسەنگاندنت بۆ نرخی دەرمان لە زۆربەی دەرمانخانەکان لە شارەکەت چۆنە؟






4- خراپیی کوالێتیی ڕێکارەکانی ڕێکخستن لە نەخۆشخانە حکومییەکان و بنکە تەندروستییەکان بەراورد بە نەخۆشخانە ئەهلییەکان. 39%ی پزیشکەکان وا دەبینن ڕێکارە ڕێکخراوەییەکان لە نەخۆشخانە حکومییەکان خراپە یان زۆر خراپە، بە بەراورد لەگەڵ 31% کە بە باش یان زۆر باش دەیانبینن. لە کاتێکدا لەسەر ئاستی بنکە تەندروستییەکان 29% بە خراپ یان زۆر خراپ دەیبینن، بە بەراورد بە 20% کە بە باش یان زۆر باش دەیبینن، لەکاتێکدا ڕێژەی 48% ڕێکارەکانی ڕێکخستن لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بە باش یان زۆر باش دەزانن، بە بەراورد بۆ 14% کە بە خراپ یان زۆر خراپ دەیانبینن، وەک لە وێنەی (٧-٣)دا پێشان دراوە.

**شێوەی (7-3):** چۆن کاری ڕێکخستن لە دامەزراوە پزیشکییەکان هەڵدەسەنگێنی؟




## چوارەم - هەڵسەنگاندنی دۆخی دامەزراوە تەندروستییە ئەهلییەکان

ئەنجامەکانی ڕووپێویەکە ئاماژەیان بە زیادبوونی ڕێژەی ئەو بەشداربووانە کردووە کە سەردانی دامەزراوە پزیشکییە ئەهلییەکانیان کردووە، هەروەها کلینیکە پزیشکییە تایبەتەکان لە ڕووی گرنگییەوە لە پلەی یەکەمدا هاتوون لە ڕووی گرنگییەوە بۆ سەردانکەرانی بەشداربوو بە ڕێژەی (%٩٨)، دواتر کۆمەڵگە تایبەتە پزیشکییەکان بە ڕێژەی (84%)، پاشان نەخۆشخانە تایبەتەکان بە (66%)، وەک لە وێنەی (4-1) دا ڕوون کراوەتەوە.

**شێوەی (4-1):** ڕێژەی ئەوانەی دەچنە دامەزراوە پزیشکییە ئەهلییەکان



سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییەکانی ئەم دامەزراوانە لەلایەن خێزانەکانەوە بەگشتی، بە تێکڕا باشن لەگەڵ بەرزبوونەوەیەکی ڕێژەیی کوالیتی لەلایەن نەخۆشخانە تایبەتەکانەوە، وەک لە وێنەی (4-2)دا دیارە.

## شێوەی (2-4): چۆن خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان هەڵدەسەنگێنی؟




به شێوەیەکی وردتر، دامەزراوە پزیشکییە ئەهلییەکان لە ڕوانگەی خێزانەکانەوە بەم شێوەیە جیا دەکرێنەوە:

1) بەردەستبوونی ئامرازە باشەکانی پشوودان لە هۆڵەکانی چاوەڕوانیدا، وەک لە وێنەی (4-3)دا دیارە.

2) پاکوخاوێنیی حەمامەکان بەتایبەتی لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان و تا ڕادەیەکی کەمتر لە کۆمەڵگە پزیشکییەکان و تا ڕادەیەکی کەمتر لە کلینیکە پزیشکییە تایبەتەکاندا، وەک لە وێنەی (4-4)دا دیارە.

3) بەردەستبوونی ئامێرە مۆدێرنەکان وەک لە وێنەی (٤-٥)دا پێشان دراوە.

4) مامەڵەکردنی باش لەلایەن سکرتاریەتەوە، وەک لە وێنەی (٤-٦)دا دیارە.

5) بوونی پزیشکی شارەزا، وەک لە وێنەی (٤-٧)دا دیارە.

## شێوەی (4-3): ئامرازەکانی پشوو لە هۆڵەکانی چاوەڕوانی چۆنە؟




## شێوەی (4-4): پاکوخاوێنیی ئاودەستی هۆڵەکانی چاوەڕوانی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟



## شێوەی (4-5): ئایا ئامێری تەندرووستیی نوێ هەیە؟




## شێوەی (4-6): مامەڵەی سکرتێر گونجاوە؟



## **شێوەی (4-7):** ئایا پزیشکی کارامە هەیە؟






**لە بەرانبەردا دامەزراوە پزیشکییە ئەهلییەکان بە تایبەت کلینیکە پزیشکییە تایبەتەکان و کۆمەڵگە پزیشکییەکان لە ڕوانگەی خێزانەکانەوە بەدەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنن:**

1) درێژیی ماوەی حجزکردن، وەک لە وێنەی (٤-٨)دا پێشان دراوە.

2) ژمارەی زۆری سەردانکەران لە هۆڵەکانی چاوەڕوانی، وەک لە وێنەی (٩-٤)دا دیارە.

3) نەبوونی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل، وەک لە وێنەی (١٠-٤)دا دیارە.

4) کەمیی بەرزکەرەوە، وەک لە وێنەی (١١-٤)دا دیارە.

5) زیاتر لە نەخۆشێک دەچنە لای پزیشک (هەندێکجار)، وەک لە وێنەی (١٢-٤)دا دیارە.

6) زێدەڕۆیی لەسەر ڕۆڵی نەخۆش لەلایەن نەخۆشێکی ترەوە (هەندێکجار)، وەک لە وێنەی (١٣-٤)دا نیشان دراوە.

7) زیاتر لە کاتی دەوامی فەرمیدا لە بەیانیاندا، یان درەنگانی شەو دادەخرێن، وەک لە وێنەی (١٤-٤)دا دیارە.

## شێوەی (4-8): ماوەی حیجزکردن لای پزیشکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟






## شێوەی (4-9): ژمارەی نەخۆشان لە هۆڵەکانی چاوەڕوانی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟



## الشكل (4-10): شوێنی نزیک بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلْ هەیە؟




## شێوەی (4-11): ئایا سەرخەر هەیە (مەسعەد)؟



## شێوەی (4-12): ئایا پێشتر تێبینیت کردووە زیاتر لەنەخۆشێک بچنە لای پزیشک؟




## شێوەی (4-13): ئایا نەخۆش زێدەڕۆیی لەسەر ڕۆڵی کراوە؟



## شێوەی (14-4): پێت وایە دەتوانی ئەو دامەزراوانە ببینییەوە کە لە کاتی دەوامدا کراون؟




## شێوەی (15-4): دەتوانی ئەو دامەزراوانە ببینییەوە کە تا درەنگانی شەو کراون؟



**سەبارەت بە ڕوانگەی پزیشکان، کۆمەڵێک کێشە هەن کە کاریگەرییان لەسەر کوالێتیی ئەو خزمەتگوزارییانە هەیە کە لە ڕێگەی دامەزراوە پزیشکییە تایبەتەکانەوە پێشکەشی دەکەن، گرنگترینیان بریتین لە:**

1-زۆربوونی نەخۆش: 57%ی پزیشکەکان پێیان وایە زۆریی نەخۆش کاریگەری لەسەر کارامەیی پشکنینی پزیشکی هەیە (هەمیشە یان زۆربەی جار)، لە بەرانبەردا 8% پێیان وایە بەهیچ شێوەیەک کاریگەری نییە، یان کاریگەریەکەی دەگمەنە، وەک لە وێنەی (٤-١٦) دەرکەوتووە.

2- نەزانیی نەخۆشەکان بۆ سەردانی پسپۆڕی گونجاو بۆ باری تەندروستیی خۆیان: 60%ی پزیشکەکان پێیان وایە نەزانیی نەخۆشەکان لەسەر پسپۆڕیی گونجاو بۆ باری تەندروستیی خۆیان، کاریگەری لەسەر کارامەیی پشکنینی پزیشکی هەیە (هەمیشە یان زۆرجار)، لە بەرانبەردا 6 % پێیان وایە کاریگەرییەکەی دەگمەنە، وەک لە وێنەی (٤-١٧)دا نیشان دراوە.

3- کەمیی ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس: 40%ی پزیشکەکان پێیان وایە نەبوونی ئەمبولانس کاریگەری لەسەر کارامەیی پشکنینی پزیشکی هەیە (هەمیشە یان زۆربەی جار)، لە بەرانبەردا 29% پێیان وایە بەهیچ شێوەیەک کاریگەری نییە، یان کاریگەریەکەی دەگمەنە، وەک لە وێنەی (٤-١٨) دا نیشان دراوە.

4- نزمیی ئاستی کرێی پشکنینی پزیشکی: 40%ی پزیشکەکان ئاستی کرێی پشکنینی پزیشکی بە کەم یان زۆر کەم دەبینن، لە بەرانبەردا 4% پێیان وایە بەرزە یان زۆر بەرزە، وەک لە وێنەی (٤-١٩) دا دیارە. بەگوێرەی 34% ئەم کێشەیە کاریگەری لەسەر کارامەیی پشکنینی پزیشکی هەیە (هەمیشە یان زۆربەی جار)، لە بەرانبەردا 40% پێیان وایە بەهیچ شێوەیەک کاریگەری لەسەر نییە، یان کاریگەرییەکەی دەگمەنە، وەک لە وێنەی (٤-٢٠)دا دیارە.

5- کەمی لێهاتوویی سکرتاریەت لە ڕێکخستنی حجزکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشان: 28%ی پزیشکەکان پێیان وایە توانای سکرتێری لە ڕێکخستنی حجزکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشان خراپە یان زۆر خراپە، لە بەرانبەردا 33% پێیان وایە باشە یان زۆر باشە، وەک لە وێنەی (٤-٢١).

6- کەمیی کارامەیی دەرمانخانەکان لە ئامادەکردنی دەرمان: 26%ی پزیشکەکان پێیان وایە کارامەیی دەرمانخانەکان لە ئامادەکردنی دەرماندا خراپە یان زۆر خراپە، لە بەرانبەردا 42% پێیان وایە باشە یان خراپە، وەک لە وێنەی (٤-٢٢)دا دیارە.

7- لاوازیی پابەندبوونی نەخۆش بە چارەسەر بە پێی ڕەچەتەی پزیشکی: 43%ی پزیشکەکان پێیان وایە پابەندبوونی نەخۆش بە چارەسەر بە پێی ڕەچەتەی پزیشکی خراپە یان زۆر خراپە، هەروەها 33% پێیان وایە باشە یان زۆر باشە، وەک لە وێنەی (٤-٢٣) دا نیشان دراوە.

8- کەمیی زانیاریی پزیشک لەسەر ئەو دەرمانانەی لە دەرمانخانەکاندا بەردەستن: 10%ی پزیشکەکان پێیان وایە زانیارییەکانیان لەسەر ئەو دەرمانانەی لە دەرمانخانەکاندا بەردەستن خراپە یان زۆر خراپە، بە بەراورد بە 49% کە پێیان وایە باشە یان زۆر باشە، وەک لە وێنەی (٤-٢٤) دا نیشان دراوە.

9- لاوازیی هەڵسەنگاندنی پاراستنی ئاسایشی پزیشک: 82%ی پزیشکەکان پاراستنی ئاسایشی پزیشک بە خراپ یان زۆر خراپ دەبینن، 9% بە باش یان زۆر باش دەیبینن، وەک لە وێنەی (٤-٢٥)دا دیارە.

10- لاوازیی هەڵسەنگاندنی پاراستنی یاساییی پزیشک: 70%ی پزیشکەکان پارێزگاری یاسایی پزیشک بە خراپ یان زۆر خراپ دەبینن، لە بەرانبەردا 14% بە باشی یان زۆر باش دەیبینن، وەک لە وێنەی (٤-٢٦)دا دیارە.

11- دابەزینی پارەی بەردەست بۆ کڕینی ئامێرە پزیشکییە نوێیەکان: 68%ی پزیشکەکان پێیان وایە ئەو پارەیەی کە بەردەستە بۆ کڕینی ئامێرە پزیشکییە مۆدێرنەکان کەم یان زۆر کەمە، 14% پێیان وایە گونجاوە یان زۆرە، وەک لە وێنەی (٤-٢٧) دیارە.

12- تێچووی بەرز بۆ ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی ئامێرە پزیشکییە مۆدێرنەکان: 47%ی پزیشکەکان پێیان وایە تێچووی ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی ئامێرە پزیشکییە مۆدێرنەکان کەمە یان زۆر کەمە، بە بەراورد بە 15% کە پێیان وایە بەرزە یان زۆر بەرزە، وەک لە وێنەی (٤-٢٨)دا نیشان دراوە.

13- کەمیی پارەی بەردەست بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی ئەهلیی مۆدێرن: 37%ی پزیشکەکان پێیان وایە ئەو پارەیەی لەبەر دەستدایە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی ئەهلی مۆدێرن کەم یان زۆر کەمە، بە بەراورد لەگەڵ 22% کە پێیان وایە گونجاوە، یان زۆرە یان گەلێک زۆرە، وەک لە وێنەی (٤-٢٩) دا نیشان دراوە.

**شێوەی (4-16):** ئایا زۆریی سەردانکەر بووەتە هۆی لاوازیی کارامەیی پشکنین لات؟



**شێوەی (4-17):** ئایا نەبوونی زانیاریی نەخۆش لەسەر دۆخە تەندروستییەکەی کاریگەری لەسەر پشکنین هەبووە؟



**شێوەی (4-18):** ئایا کەمیی ئامبولانس کاریگەری لەسەر پشکنینی پزیشکی هەبووە؟






**شێوەی (4-19):** ئاستی کرێی پشکنین بۆ نەخۆش چۆن هەڵدەسەنگێنی؟



**شێوەی (4-20):** ئایا دابەزینی کرێی پشکنین کاریگەریی لەسەر ئاستی پشکنین هەیە؟






**شێوەی (4-21):** کارامەیی سکرتاریەت لە ڕێکخستنی حجز و مامەڵەیان لەگەڵ سەردانکەران چۆن هەڵدەسەنگێنی؟



**شێوەی (4-22):** کارامەییی دەرمانخانەکان لە دابینکردنی دەرمانی داواکراو چۆن هەڵدەسەنگێنی؟








**شێوەی (4-23):** پابەندیی نەخۆش بە دەرمانەوە بەپێی ڕەچێتەی پزیشک چۆن هەڵدەسەنگێنی؟



**شێوەی (4-24):** زانیارییەکانتان سەبارەت بە دەرمانی بەردەست لە دەرمانخانەکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟






**شێوەی (4-25):** پاراستنی ئاسایشی پزیشک چۆن هەڵدەسەنگێنی؟



**شێوەی (4-26):** پاراستنی یاساییی پزیشک چۆن هەڵدەسەنگێنی؟




**شێوەی (4-27):** پاردارکردن بۆ ئامێری نوێی تەندرووستی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟



**شێوەی (28-4):** تێچوونی ڕاهێنان لەسەر ئامێرە نوێیە تەندرووستییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟








**شێوەی (29-4):** پارداركردنی بەردەست بۆ دروستكردنی نەخۆشخانەی تایبەتی نوێ چۆن هەڵدەسەنگێنی؟



## پێنجەم - پێشنیازەکانی گەشەپێدان

کۆمەڵێک چارەسەری پێشنیارکراو خراوەتە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان دەبنەوە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە. بەشێک لەو چارەسەرانە پێشنیار کرابوون بۆ هەردوو لایەنی خێزان و پزیشکان، هەندێکیان تەنیا بۆ خێزانەکان خراونەتە ڕوو، هەندێکی تریش بۆ پزیشکان خراوەتە ڕوو، لە ئەنجامی ڕووپێوییەکە ئەمانە خراونە ڕوو:

1- پشتیوانییەکی زۆر هەیە لەلایەن خێزان و پزیشکەکانەوە بۆ بیرۆکەی هەبوونی سەنتەری سەرەتاییە ڕاوێژکارییەکان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە سووکەکان یان دیاریکردنی پسپۆڕی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتی نەخۆشەکە لە بەرامبەر مووچەی گونجاودا، وەک لە وێنەی (5-1)دا دەرکەوتووە.

### شێوەی (5-1): ئایا پشتیوانیی سەردانی بنکەی ڕاوێژکاریی تەندروستی بۆ چارەسەری نەخۆشیی سووک یان دیاریکردنی پسپۆڕیی تەندروستی بۆچارەسەری دۆخی نەخۆشی، بەرانبەر کرێی گونجاو دەکەی؟




2- نزیکەی ٤٠٪ی ئەو پزیشک و خێزانەکان پاڵپشتیی دابینکردنی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری (بە پارە) لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەکەن بۆ چارەسەرکردنی دۆخە سادەکانی نەخۆشی یان بۆ دیاریکردنی پسپۆڕیی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە، وەک لە وێنەی (5-2) دیارە.

## شێوەی (5-2): ئایا پشیتوانیی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری(بە پارە) لە ڕێگەی ئینتەرنێت بۆ چارەسەری دۆخی نەخۆشیی سووک یان دیاریکردنی پسپۆڕیی گونجاو بۆ چارەسەری دۆخی نەخۆشی دەکەی؟




3- پاڵپشتیی زۆر لەلایەن خێزان و پزیشکەکانەوە هەیە بۆ هەبوونی ڕێبەری ئەلیکترۆنیی پزیشکان لە شار، کە پسپۆڕییەکانیان، پیشەی ئەکادیمییان، ماوەی حجزکردن لایان، وە ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکەن، لەخۆ بگرێت.



## شێوەی (5-3): ئایا پشتیوانیی بوونی ڕێبەرێکی ئەلیکترۆنی دەکەی بۆ پزیشکان و پسپۆڕی و ژیاننامەی زانستی و ماوەی حجز لەلایان وئەو خزمەتەی پێشکەشی دەکەن؟




4- 65%ی پزیشکان پشتگیری لە بیرۆکەی حجزکردنی ئەلیکترۆنی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی چارەسەر لەگەڵ پارەدانی بەشێک لە پشکنین لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە و ئامادەییان بۆ بەشداریکردنی پارەدان لەو سایت یان ئەو ئەپڵیکەیشنەی کە لە ڕێگەیەوە حجزکردنەکە دەکات، لە بەرانبەردا 32%ی خێزانەکان پشتگیری لەو بیرۆکەکە دەکەن.

**شێوەی (4-5):** ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی حیجزکردنی ئەلیکترۆنی دەکەی بۆ چارەسەرکردن لەگەڵ پارەدان بۆ پشکنین لە ڕێگەی ئینتەرنێت (بەرانبەر بڕێک پارە بۆ بەشداری لە سایت یان ئەپلیکەشن)




5- 60%ی پزیشکان پشتگیری لە حجزکردنی خێرا بە ئۆنلاین دەکەن بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی چارەسەر بە نرخێکی زیاتر لەگەڵ پێدانی بەشێکی پارە بۆ پشکنینی ئۆنلاین، لەگەڵ ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لەو ماڵپەڕە یان ئەپڵیکەیشنەی کە لە ڕێگەیەوە حجزکردنەکە دەکەن، لە بەرانبەردا 29% ی ئەوانەی پشتگیریی بیرۆکەکە دەکەن لە خێزانەکانن.

**شێوەی (5-5):** ئایا پشیتوانیی حجزکردنی خێرا لەسەر ئینتەرنێت بۆ چارەسەری پزیشکی دەکەی، بەرانبەر نرخی زۆر و لەگەڵ بەشێک پارە بۆ پشکنین لەسەر ئینتەرنێت؟ (بە پارە بۆ بەشداریکردن لە سایت یان ئەپلیکەیشن)



6- پاڵپشتیی زۆر لەلایەن خێزان و پزیشکەکانەوە هەیە بۆ بیرۆکەی هەبوونی ڕێبەری نەخۆشخانەکان کە خزمەتگوزاریی پزیشکیی نابەردەست لە شارەکەدا پیشان دەدەن.



**شێوەی (6-5):** ئایا پشتیوانیی پێویستبوونی ڕێبەرێک بۆ نەخۆشخانەکان دەکەی کە خزمەتگوزارییە نابەردەستەکان لە شاردا پێشان بدەن؟






7- 70%ی پزیشکان پاڵپشتیی حجزکردنی ئەلیکترۆنی دەکەن لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان کە خزمەتگوزاریی چارەسەرکردن لە دەرەوەی شار پێشکەش دەکەن لە بەرامبەر پێدانی بەشێک لە بڕە پارە لە ڕێگەی بەشداریکردنەوە لە سایت یان ئەپلیکەیشنەوە کە لە ڕێگەیەوە حجزکردنەکە دەکرێت، لە بەرامبەردا 38%ی ئەوانەی پشتگیریی بیرۆکەکە دەکەن لە خێزانەکانن.

**شێوەی (7-5):** ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی حجزکردنی ئەلیکترۆنی لای نەخۆشخانە ئەهلییەکان دەکەی کە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە دەرەوەی شار پێشکەش دەکەن، لە بەرانبەر بڕێک پارە لەسەر ئینتەرنێت؟ (بڕێک پارە لەسەر سایت یان ئەپلیکەیشن)



8- ڕێژەی 64%ی پزیشکان پاڵپشتیی حجزکردنی ئەلیکترۆنی دەکەن لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان کە خزمەتگوزاریی چارەسەر لە دەرەوەی وڵات پێشکەش دەکەن لە بەرامبەر پێدانی بەشێک لە بڕە پارە بە شێوەی ئۆنلاین، لە ڕێگەی بەشداریی پارەوە لە نەخۆشخانەی ئەهلیەوە لە ماڵپەڕ یان ئەپڵیکەیشن، لە بەرانبەردا 52%ی ئەوانەی پشتگیریی بیرۆکەکە دەکەن لە خێزانەکانن.

9- پشتیوانی بۆ بیرۆکەی بیمەی تەندروستی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە هەیە، ئەوەش بە ڕێژەی 64% پزیشکەکەکان، هاوکات 27%ی خێزانەکان پشتگیریی ئەو بیرۆکەیە دەکەن لە کاتێکدا کە پشتیوانیی حکومی بوونی نەبێت، ٤٣%یش پشتیوانی دەکەن لە کاتێکدا کە پشتیوانیی حکومی هەبێت.

## سێوەی (5-8): ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی حجزکردنی ئەلیکترۆنی لای نەخۆشخانە تایبەتەکان دەکەی کە خزمەتگوزاری لە دەرەوەی وڵات پێشکەش دەکەن، لە بەرانبەر پارەدان لەسەر ئینتەرنێت؟ (پارەدان بۆ بەشداریکردن لەسەر سایت یان ئەپلیکەیشن)




10- پشتگیری هەیە بۆ بیمە لەلایەن نەخۆشخانە تایبەتەکان یان کۆمەڵگە پزیشکییە تایبەتەکانەوە بە بەراورد بەو بیمەیەی کە لەلایەن کۆمپانیا بازرگانییەکانەوە دابین دەکرێت.

11- پێدانی پارەی بیمەی تەندرووستی بە شێوەی ساڵانە بە باشتر دادەنرێت وەکوو لەوەی مانگانە بدرێت.

وەکوو لە وێنەکانی (٩-٥) تاکوو (١٦-٥) ڕوون کراوەتەوە.

**شێوەی (5-9):** ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی بیمەی تەندروستی دەکەی لەلایەن کۆمەڵگە پزیشکییەکان کە خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان بەرانبەر قیستی ساڵانە پێشکەش دەکەن؟






**شێوەی (5-10):** ئایا پشتیوانیی بیمەی تەندرووستی لای کۆمەڵگە پزیشکییەکان دەکەی کە خزمەتگوزاریی چارەسەر بە قیستی مانگانە پێشکەش دەکەن، بە لێبڕینی مووچەی سوودمەندبوو یان بوونی کەفیلێک لە کاتی نەدانی پارەکەدا؟



**شێوەی (5-11):** ئایا پشیتوانیی بیرۆکەی بیمەی تەندروستی لەلایەن نەخۆشخانە تایبەتەکان دەکەی کە خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بە قیستی ساڵانە پێشکەش دەکەن؟




**شێوەی (5-12):** ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی بیمەی تەندروستی لەلایەن نەخۆشخانە تایبەتەکان دەکەی، کە خزمەتگوزاری بە قیستی مانگانە پێشکەش دەکەن، بە لێبڕینی مووچەی سوودمەندبوو یان بوونی کەفیلێک لە کاتی نەدانی پارەکەدا؟



**شێوەی (5-13):** ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی دەستەبەری بازرگانی لەلایەن کۆمپانیای بیمەی تەندروستی بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ناو وڵاتدا بە شێوەی ساڵانە بە قیستی ساڵانە دەکەی؟






**شیوەی (5-14):** ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی دەستەبەری بازرگانی لەلایەن کۆمپانیای بیمەی تەندروستی بۆ خزمەتگوزاریی لە ناو وڵاتدا بە شێوەی ساڵانە بە قیستی مانگانە دەکەی؟ بە لێبڕینی مووچەی سوودمەندبوو یان بوونی کەفیلێک لە کاتی نەدانی پارەکەدا؟



**شێوەی (5-15):** ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی فەراهەمکردنی دەستەبەری بازرگانی (پشتیوانیکراو لەلایەن حکومەت) لەلایەن کۆمپانیای بیمەی تەندروستی بۆ فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ناو وڵات بە شێوەی ساڵانە و بە قیستی ساڵانە دەکەی؟




**شێوەی (5-16):** ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی بیمە (پشتیوانیکراو لەلایەن حکومەت بە شێوەی بەشەکی -جزئي-) لەلایەن کۆمپانیای بیمەی تەندروستی بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی بە شێوەی ساڵ بەرانبەر قیستی مانگانە بە لێبڕینی مووچەی سوودمەندبوو یان بوونی کەفیلێک لە کاتی نەدانی پار



12- 46%ی پزیشکان و 43%ی خێزانەکان پشتگیری لە بیرۆکەی دابینکردنی ئەمبولانسی خێرا دەکەن بە پارە، وەک لە وێنەی (5-17)دا دیارە.

## شێوەی (5-17): ئایا پشتیوانیی فەراهەمکردنی ئامبولانەسە خێراکان لە بەرانبەر پارەدا دەکەی؟






13- 57%ی خێزانەکان پشتگیری لە بیرۆکەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی لە ماڵەوە دەکەن بە کرێی زیاتر لە خزمەتگوزارییەکانی کلینیک یان نەخۆشخانە، وەک لە وێنەی (٥-١٨) دا نیشان دراوە.

## شێوەی (٥-١٨): ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ ماڵەوە لە بەرانبەر کرێی زۆر بۆ خزمەتگوزاریی کلینیک و نەخۆشخانەکان دەکەی؟



15- پاڵپشتی زۆر لەلایەن پزیشکەکانەوە هەیە بۆ پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە:

ا- دابینکردنی کۆمپانیایەک بۆ خستنەگەڕی سکرتارییەتێکی ڕاهێنراو کە بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت و لەلایەن کۆمپانیاکە مووچەیان پێ دەدرێت.

ب- هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیایەک بۆ دابینکردنی پاراستنی پزیشکەکان و بەرگریکردنیان لەڕووی یاساییەوە.

ج- ئامادەکردنی ڕێبەرێکی ئەلیکترۆنی کە دەرمانی بەردەست لە دەرمانخانەکان و سەرچاوە و نرخەکانیان لەخۆ بگرێت.

د- دروستکردنی داتابەیسی نەخۆشان بۆ سەرجەم پزیشکانی شار بۆ ئەوەی هەر پزیشکێک بتوانێت مێژووی تەندروستیی نەخۆشەکە بزانێت لە ڕێگەی کۆدێکەوە کە نەخۆش خاوەنییەتی و ڕێگە بە پزیشک دەدات بۆ ئەو مەبەستە بەکاری بهێنێت.

وەک لە وێنەکانی (5-19) تا (5-22)دا نیشان دراوە.

## شێوەی (5-19): ئایا پشتیوانیی بیرۆکەی کۆمپانیایەک دەکەی بۆ بەگەڕخستنی سکرتاریەتێکی ڕاهێنراو کە لەلایەن کۆمپانیاوە چاودێری بکرێت کە مووچەی پێ دەدات



**شێوەی (5-20):** ئایا پشتیوانیی هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیایەک دەکەی بۆ دابینکردنی پاسەوانیی کەسیی پزیشک و بەرگریی یاسایی لێیان؟






**شێوەی (5-21):** ئایا پشتیوانیی بوونی ڕێبەرێکی ئەلیکترۆنی دەکەی کە دەرمانی بەردەست و نرخ و سەرچاوەی دەرمان لە دەرمانخانەکان پێشان بدات؟



**شێوەی (5-22):** ئایا پشتیوانیی داتابەیسێک دەکەی لەسەر نەخۆشان بۆ هەموو پزیشکانی شارەکە کە مێژووی نەخۆشیی هەر نەخۆشێک تۆمار بکات، لە ڕێگەی کۆدێکەوە بۆ نەخۆش و ڕێگەدان بە بەکارهێنانەوەی لەلایەن پزیشک بۆ مەبەستی چارەسەر؟



## پوختە:

گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە دەتوانرێت لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

1- ئەو خزمەتگوزارییانەی نەخۆشخانە حکومییەکان پێشکەشی دەکەن، لە ڕوانگەی زۆربەی خێزان و پزیشکەکانەوە، زۆر خراپن یان خراپن، لەکاتێکدا ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن ناوەندەکانی چاودێریی تەندروستی حکومییەوە پێشکەش دەکرێن، بە ڕێژەیی باشترن.

2- خزمەتگوزاریی پزیشکی لە دامودەزگا ئەهلییەکان باشترە لە دامودەزگا حکومییەکان بەتایبەت نەخۆشخانە ئەهلییەکان، لەگەڵ هەندێک کێشەی ڕێکخراوەیی بەتایبەتی لە کلینیکە پزیشکییەکان و کۆمەڵگەی پزیشکیی ئەهلیدا.

3- بەرزیی تێچوونی پشکنینی پزیشکی و دەرمان، ئەمەش هەندێک خەڵک ناچار دەکات قەرز بکەن، یان خەرجییە سەرەتاییەکان کەم بکەنەوە، یان هەندێک موڵک بفرۆشن بۆ ئەوەی پارەی چارەسەری پزیشکی بدەن، هەندێکیشیان ناچارن سەرباری پێویستییان بۆ چارەسەر، سەردانی پزیشک نەکەن، چونکە خەرجی گشتییان نییە.

4- پێویستی هەیە بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی پزیشکی و دروستکردنی هەندێک دامەزراوە وەک سەنتەری ڕاوێژکاری بۆ پشکنینی سەرەتایی نەخۆش، خزمەتگوزاری پزیشکی ماڵەوە، دابینکردنی سکرتێری ڕاهێنراو، دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی یاسایی بۆ پزیشکەکان.

5- کەسانێک هەن پشتگیری لە بوونی بیمەی تەندروستی دەکەن بەتایبەتی لەلایەن نەخۆشخانە ئەهلییەکانەوە و باشترە لەلایەن حکومەتەوە پاڵپشتی بکرێت و بە پێدانی بڕی بیمە لە شێوەی بیمەی ساڵانەدا.

## ڕاسپاردەکان:

لە میانی ئەنجامی توێژینەوەکە دەتوانرێت ئەم ڕاسپاردانە بخرێتە ڕوو:

1. کاراکردنی سیستمی بیمەی تەندروستی لەلایەن نەخۆشخانە ئەهلییەکانەوە، باشترە لەلایەن حکومەتەوە پاڵپشتی بکرێت، بە مەرجێک بڕی پارەی ساڵانەی بیمەی بنەڕەتی بۆ هەر خێزانێک لە شەش سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت لە بەرامبەر دابینکردنی خزمەتگوزاریی خۆپارێزی و چارەسەری بێبەرانبەر بۆ دووخستنەوەی خێزانەکە لەوەی بکەونە خوار هێڵی هەژاری بەهۆی پێدانی خەرجییە زۆرەکان لە داهاتەکانیان بۆ پشکنینی پزیشکی و کڕینی دەرمان.

2. کارکردن بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە بنیاتنانی نەخۆشخانەی ئەهلی کە بیمەی تەندروستی دابین دەکەن، هەروەها دەتوانرێت میکانیزمێکی دارایی لەژێر ناوی بیمەی وەبەرهێناندا بگیرێتەبەر، کە لە ڕێگەیەوە ئەو کەسانەی پارەی بیمەی زۆر دەدەن دەتوانن پشک لەو دامەزراوانە بەدەست بهێنن کە هەر 5 ساڵ جارێک بیمە دابین دەکەن یەکسانە بە بڕی جیاوازی لە کۆی گشتی ئەو بیمەی کە داویانە، و بەهای ئەو خزمەتگوزارییە پزیشکییانەی کە لە ماوەی پێنج ساڵدا بەدەستیان هێناوە.

3. دروستکردنی ئەپڵیکەیشنی ئەلیکترۆنیی پارەدەر بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی حجزکردن بۆ دامەزراوە پزیشکییە ئەهلییەکان.

4. دامەزراندنی کۆمپانیایەک بۆ دابینکردنی سکرتاریەتی ڕاهێنراو بۆ کارکردن لە دامەزراوە پزیشکییە ئەهلییەکان و بەدواداچوون بۆ کارەکانیان.

5. دامەزراندنی کۆمپانیایەک بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئەمنی و یاسایی بۆ پزیشکان.

6. دروستکردنی ئەپڵیکەیشنی ئەلیکترۆنی بۆ پیشاندانی دەرمانی جۆراوجۆری بەردەست لە دەرمانخانەکان و نرخەکانیان.



EAST GATE
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

دەرگای ڕۆژهەڵات
بۆ توێژینەوەی ئابووری
و لێکۆڵینەوەی بازاڕ




www.egciraq.org

@egciraq

+964 771 878 5050

info@egciraq.org